# بەرێزبێت هەفتەی منسووری حیکمەت



ڕێکخراوی بەریتانیای حزب رۆژی 2005-6-2 لە شەقامی ئیجوارد رۆد لە لەندەن میز کتابی تایبەتی بە بەرهەم و نوسراو نامیلکەکانی منسووری حیکمەت دانا بە بۆنەی هەفتەی منسووری حیکمەتەوە، ئەو مارکسیستە بەرهەقەی کەتوانی ئینسانێت بۆ کۆمۆنیزم بگەرینیتەوە ،منسووری حیکمەت ئیرانی نەبوو بەڵکو بۆ بەدیهێنانی دنیایەکی ئازاد و یەکسان کە انسانەکان تیا بەختەوەر و دور لەستەم و چەوسانەوە بژین تێکۆشا .

و ینەی گەورە و نوسراو و بڵاو کراوەکانی منسووری حیکمەت ، بۆ بەرز راگرتني پەرچەمی حیکمەتیزم دانرا ، و ریبوارانی عەرەبی زمان و کوردی زمان و فارسی زمان پەیتا پەیتا دەهاتنە سۆراخی دەوری میزکتابی حزب .

رێبواریەك بەپەلە بەیان و نوسراوە عەرەبی یەکانی وەرگرت لەپرسیاردا ووتی (من عەرەبی نازانم بەلام وینەی منسووری حیکمەت دی لەم شەقامەدا، من زۆر دەمێکە بەم انسانە ئاشنانم ،لەدەست دانی ئەم ئینسانە عەزیمە زەرەرێکی گەورە بوو بۆ ئێمە ی کە لە 80 کانەوە لە لەندەن باس لە رزگار بوونی خەڵکی ئیران دەکەین لەدەسەلاتی رەشی جمهوری ئیسلامی ئیران و هەروەها باس لە ئینسان دۆستي دەکەین، من ئەو کات منسووری حیکمەتم لەرێگای سازمانی سەهەندەوە ناسی ، ....پێم بلێن ئێوە لەعیراق چۆن بە منسووری حیکمەت ئاشنا بوون ...........دوای چەند سات لە قسەو باس و بیستي هەواڵ و چالاکی یەکانی حزبی کۆمۆنیستي کرێکاری عیراق ، لەنیو هەواڵی خۆشی و ئاشنای بەحزبکەی منسووری حیکەت لەعیراقدا ژمارە تەلەفون و پەیوەندیەکانی خۆی جێ دەهێڵیت بۆ دامەزرانی پەیوەندی توندو تۆڵ لەگەل ریزەکانی حزبدا ..

هەمان رۆژ تیمەکانی حزب راگەیاندنی کۆنگرەی ئازادی عیراق و تەواوی بەیان و بڵاوکراوەی شیوعی عمالیان لەنیو دوکان و ریستورانی و ریبوانی ئەو شەقامەدا بڵاو کردەوە وە بە پیشوازی گەرم روو بەروو دەبێت .

## حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق \ رێکخراوی بەریتانیا

2005-6-4

---

www.wpiraq.net TEL:07734704742